# بازرگانیکردن بە منداڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن لەناو ئاوارەکانی عێراقدا

**ئەیوب کەریم سەعید**

بەشی باخچەی ساوایان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی راپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیل:** ayoob.kareem@uor.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە دەکات بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دیاردەی بازرگانیکردن بە منداڵ و لێکەوتەکانی لەسەر قوربانیەکان کە بۆ کار یان دەرۆزەکردن بازرگانیان پێوە دەکرێت لە لایەن خێزانە ئاوارە عەرەبەکانی ناوەندی شاری سلێمانی.

بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان پرسیارنامە (Questioner) بەکارهاتووە، کە پێکهاتووە لە ٥٠ پرسیار، بۆ شیکردنەوەی ئاماریانەی زانیارییەکان سوود لە پرۆگرامی (Statistical Package for Social Science- SPSS) وەرگیراوە. نمونەی تویژینەوەکە پێکدێت لە ٥٠ منداڵ، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەدا.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە چەندین هۆکار لە پشت بازرگانیکردن بەمنداڵەوەیە کە دیارترینیان بریتییە لە هەژاری و خواستی خێزان یان فشاری خێزان بۆ کارکردن و دەرۆزەکردن.

بەپێی دەرئەنجامەکانی تری توێژینەوەکە، ٦٢٪ نمونەی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توندوتیژی بونەتەوە لەکاتی کارکردنیاندا، ٥٨٪ ئەو منداڵانەی بازرگانیان پێوەدەکرێت بۆ کار و دەرۆزەپیکردن دابڕاون لە خوێندن یان هەر نەخراونەتە بەرخویندن، و ناوەندی کاتژمێرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە زیاترە لە ٩ کاتژمێر.

**ووشە کلیلیەکان:** منداڵ، منداڵی ئیشکەر ، دەرۆزەکردن ، بازرگانیکردن بە منداڵ.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

# بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: پێشەکییەک دەربارەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

بەکارهێنانی منداڵ بۆ کارکردن لە لەخوار تەمەنی 15 ساڵیەوە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان و ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانە، بەو پێیەی کارکردنی منداڵانیان لە سەرو تەمەنی 15 ساڵیەوە دەست نیشان کردووە ئەویش بەمەرجێک کارێک بێت کە زیانی جەستەیی و دەروونی و ڕەفتاری بۆ منداڵەکە نەبێت، هەروەها بەپێی یاسای بەرەنگاربونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە عێراقدا (2012) دەرۆزە(سواڵ)پێکردنی وەک جۆرێک لە جۆرەکانی بازرگانیکردن بە منداڵ دەستنیشان کردووە، ئەمانەش هەموویان دەچنە چوارچێوەی پێشێلکردنی مافەکانی منداڵ.

لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و دروستبوونی جەنگ و کێشە ئابوری و سیاسیە ناوخۆییەکان، دواتریش جەنگ دژی داعش و داگیرکردنی کۆمەڵێک شارو ناوچەی عێراق و سوریا لەلایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی عێراق و سوریا ئاوارە بوون. ئەم بارودۆخانە دەستی خێزانەکانی زیاتر واڵاکرد بۆ ئەوەی منداڵەکانیا زیاتر بەکاربهێنن بە تایبەت لەکاتێکدا بۆشایی لەجێبەجێکردنی یاساکاندا هەبێت بۆ پاراستنی منداڵان لە هەر جۆرێک لە ئیستغلال کردن.

**کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە دوو پرسیاردا کورت دەکرێتەوە:**

**یەکەم:** هۆکارەکانی پشت بەکارهێنانی منداڵ بۆ کارو دەرۆزەپێکردن لەلایەن خێزانە ئاوارەکانی عێراقەوە چین؟

**دووەم:** کاریگەریەکانی بەکارهێنانی منداڵ بۆ کارو دەرۆزەپێکردن لەسەر منداڵان چییە؟



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

١. دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکانی نمونەی توێژینەوەکە.

٢. زانینی هۆکارەکانی بەکارهێنانی منداڵی خوار تەمەن 15 ساڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن.

٣. زانینی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی منداڵی خوار تەمەن 15 ساڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن.

٤. زانینی پەیوەندی نێوان بارودۆخی ئاوارەبوون لە بەکارهێنانی منداڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن.

٥. دەستنیشانکردنی ئاستی دابڕان لە خوێندن لەناو ئەو منداڵانەدا کە کار یان دەرۆزەیان پێدەکرێت.

٦. زانینی کاتژمێرەکانی کارکردنی منداڵ و پەیوەندی بە بەکارهێنانیان بۆ بازرگانیکردن

## سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە

لە چەند خاڵێدا گرنگی توێژینەوەکە پوخت دەکەینەوە:

1. دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی بەکارهێنانی منداڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن لە ناوەندی شاری سلێمانی کە ئایا هۆکارەکان تەنها پەیوەندی بە ئاستی هەژاری خێزانەکانەوە هەیە لە ڕووی مادیەوە یاخود پەیوەندی بە هۆکاری تری کۆمەڵایەتیەوە هەیە.

2. دەستنیشانکردنی کاریگەریەکان و لێکەوتەکانی کارپێکردن و دەرۆزەکردن لەسەر منداڵ.

3. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەو ڕێکخراوانەی لەبواری مافەکانی منداڵادا کاردەکەن بەمەبەستی یارمەتیدانی ئەو منداڵانە.

4. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دامەزراوە یاساییەکان بە تایبەت بۆ داواکاری گشتی بۆ جوڵاندنی سکاڵا لەسەر ئەو بەخێوکار و کەسانەی منداڵ بەکاردەهێنن بە کارو دەرۆزەپێکردن.

5. ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە بۆ ئەوەی بیر لە خوێندنی ئەو منداڵانە بکاتەوە کە بەکاردەهێنرێن بۆ کار یان دەرۆزەپێکردن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## چوارەم: سنوری توێژینەوەکە

سنوری بابەتی: دیاردەی دەرۆزەپێکردن و کارپێکردنی منداڵ وەک جۆرێک لە بازرگانی کردن.

سنوری شوێن: ناوەندی شاری سلێمانی

سنوری کات: ٢٠١٩

سنوری مرۆیی: ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی 15 ساڵی بەرکاردەهێنرێن بۆ کار و دەرۆزەپێکردن لەناو خێزانە ئاوارەبوەکانی عێراق.

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

### یەکەم: منداڵ (Child)

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی منداڵ کراوە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان یاسایی یاخود پۆلێنی تەمەنی، بەپێی ماددەی (1) لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ ساڵی 1989 بەم شێوەیە پێناسەی منداڵی کردووە"منداڵ هەر کەسێکە کە تەمەنی نەگەیشتبێتە 18 ساڵ". (Convention on the Rights of the Child,1990:2)

لەڕووی زاراوەییەوە چەمکی منداڵ گوزارشتە لە گرنگترین قۆناغی پێکهاتن و گەشەکردنی کەسایەتی کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جۆراوجۆری هەیە تاکە قۆناغی مرۆڤە کە هەڵگری گۆڕانکارییە جەستەیی و فسیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و هەڵچونیەکانە. (سهام، 2016: 10)

بەپێی یاسای کاریی عێراقی منداڵ کەسێکە تەمەنی نەگەیشتبێتە ١٥ ساڵی. (قانون العمل العراقی، ٢٠١٥)

### دووەم: منداڵی ئیشکەر (Child Labour)

بەپێی ڕێککەوتننامەی دیاریکردنی کەمترین تەمەن بۆ کارکردن(1973) ناسراو بە ڕێککەوتننامەی (138 جنێف) لەلایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) کەمترین تەمەن بۆ کارکردن نابێت کەمتر بێت لە تەمەنی 15 ساڵی یاخود لەگەڵ تەواو کردنی خوێندنی ناچاری (الزامی). (ILO Convention No. 138, 1973, 2)

کارپێکردنی منداڵ بریتییە لە کارێک کە منداڵ بێبەش دەکات لە منداڵێتی و تواناو شکۆی، وە زیانی هەیە بۆ گەشەی جەستەیی و عەقڵی، کارێکە لە ڕووی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیەیەوە مەترسیدارە بۆی، بەشدارە لە بێبەشکردنی بۆ چوونە قوتابخانە یان بەردەوامبوون لە خوێندن. (Basha, 2017, 97)

منداڵی ئیشکەر بریتییە لە کارکردنی منداڵ بە هەموو جۆرەکانی کارەوە کە مەترسی و زەرەرمەندە بۆ لایەنی تەندروستی منداڵ یان کۆسپ دەخاتەوە بەردەم خوێندنی منداڵەکە. (Nagar & Roy,2016, p8)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

### سێیەم: دەرۆزەكردن (Begging)

بریتییە لە وەرگرتن یان داواكردنی خێر كە لەلایەن كەسێكەوە، ئینجا بەشێوەی گەرۆك بێت یاخود دانیشتبێت لە شوێنێكی گشتیدا لەڕێگەی پیشاندانی بیرینداری یان كەمئەندامی یان هەر هۆكارێكی تر كە بەكاردەهێنێت بۆ ئەو مەبەستە. (الشرفات، 2013، ص60).

ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی لە ساڵی 2004 پێناسەی دەرۆزەكردنی كردووە بەوەی كە بریتییە لە "زنجیرەیەک چالاكی كە كەسێک بۆ وەرگرتنی پارە لە كەسێكی نامۆ لەسەر بنچینەی ئەوەی كە هەژارە یان پێویستیان بە بەخشینە خێرخوازیەكانە بەهۆی لایەنی تەندروستیان بێت یان لایەنی ئایینی. دەرۆزەكاران هەروەها هەندێ پارچەی بچووكی وەک كلینیكس یان گوڵ دەفرۆشن بەرامبەر بڕێک پارە كە پەیوەندیەكی كەمی هەیە بە نرخی شمەكە فرۆشراوەكە" (Save the Chldren,2011, p12)

### چوارەم: بازرگانیكردن بە منداڵ (Child Trafficking)

زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ چەمكی بازرگانیكردن بە مرۆڤ دەكرێت لە پرۆتۆكۆڵی بازرگانیكردن بە مرۆڤ كە لەلایەن ڕێكخراوی نەوەیەكگرتووەكانەوە دەرچووە داتاشراوە یان هەمان بەكارهێنانە. پرۆتۆكۆڵەكە بەم شێوەیە پێناسەی بازرگانیكردن بە مرۆڤ دەكات.

"مەبەست لە بازرگانیكردن بە مرۆڤ بریتییە لە كۆكردنەوەی كەسەكان و گواستنەوە و حەواندنەوەو پێشوازیلێكردنی لەڕێگەی هەڕەشەلێكردنی هێزەوە یان بەكارهێنانی شێوەیەک لەشێوەكانی ناچاركردن، فراندن، فێڵلێكردن، بەكارهێنانی دەسەڵات یان بەخشین یان وەرگرتنی مەبلەغێكی مادی یان سودمەندبوون بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی كەسێک كە خاوەن دەسەڵاتە یان خراپ بەكارهێنانی بارودۆخی لاوازی كەسانی تر یان پێدان و وەرگرتنی پارە یان سودێک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی كەسێک كە توانای كۆنترۆڵكردنی كەسانی تری هەیە بەمەبەستی ئیسغلال كردنیان، ئیستغلال كردنیش وەک فرۆشتن یان بەكارهێنانیان لەكاری لەشفرۆشیدا، بەكارهێنانی سێكسی، كارپێكردنی زۆرەملێ و قورس، بەكۆیلەكردن یان هاوشێوەكانی، یان لێكردنەوەی ئەندامەكانی جەستەی بەمەبەستی بازرگانی". (United Nation,2004, p42).

یەكێک لە مەبەستە سەرەكییەكانی دەركردنی ئەم پرۆتۆكۆڵە پارستنی ژیانی ژنان و منداڵانە بەتایبەت لە بڕگەی (C) پرۆتۆكۆڵەكەدا هاتووە "كۆكردنەوەی منالان و گواستنەوە و حەواندنەوەو پێشوازیلێكردنی بەمەبەستی ئیستغلالكردنی دەچێتە چوارچێوەی بازرگانیكردن بە مرۆڤەوە"



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

بازرگایکردن به منداڵ بریتیه له بەکارهێنان یان گواستنەوەی منداڵ یان حەواندنەوە یان پێشوازیکردنی بەمەبەستی ئیستغلالکردنی سێکسی یان کاری سوخرە و خزمەتپێکردنی بەزۆر یان بەکۆیلەکردنی. (قارونی و ئەلمەرزوق، ٢٠١٨، ل١٩) لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە بازرگانیکردن بە منداڵ بەکارهێنانی منداڵی خوار تەمەنی ١٥ ساڵییە بۆ کار و دەرۆزەکردن لەلایەن باوان یان خزم و کەسوکاری منداڵەوە، بەکاردەهێنرێن (استغلال) لە پێناو سودی مادیدا کە لەڕووی یاسا ناوخۆییەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانەوە ڕێگەپێنەدراوە.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

### باسی یەکەم: چەمکی بازرگانیکردن بە منداڵ لە نێوان یاسا ناوخۆیی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا

بازرگانیکردن بە مرۆڤ بە سێیەم گەورەترین تاوانە ڕێکخراوەکان دادەنرێت لە جیهاندا لەدوای بازرگانیکردن بە مادەهۆشبەرەکان و بازرگانیکردن بە چەک، لەڕێگەی ئەم چالاکییەوە قازانجێکی زۆر گەورە بەدەست دەهێنن کە بە ملیاران دۆلار مەزەندە دەکرێت. بازرگانیکردن بە مرۆڤ یەکێکە لە تاوانە باندیە ڕێکخراوەکان کە لەنێوان وڵاتان یان ناوخۆی وڵات ئەنجام دەدرێت، وە شمەکی بنچینەیی لەم بازرگانیەدا تەنها مرۆڤە، بازرگانەکانی مرۆڤ سود لە بارودۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ناجێگیری ئاسایشی وڵاتان وەردەگرن بەتایبەت لەبارودۆخی ململانێ چەکداری و جەنگەکاندا بۆ برەودان بە بازرگانیەکەیان و دەستکەوتنی نێچیری زیاتر. بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەکان ژنان و منداڵان قوربانی یەکەمن لە بازرگانیەدا.

بەپێی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ (1989) کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە بەم شێوەیە پێناسەی بازرگانیکردن بە منداڵ دەکات "هەر کارێک یان مامەڵە کردنێک، کە بەهۆیەوە منداڵ لەلایەن هەر کەسێکەوە یان گروپێکەوە بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر لە بەرانبەر بەدەستهێنانی بەخشیش یان هەر جۆرێک لە جۆرەکانی دەستکەوتنی پارە بە بازرگانیکردن بە منداڵ دادەنرێت". (قارونی و ئەلمەرزوق، ٢٠١٨، ل١٩)

هەروەها لە بەندی 32ی هەمان ڕێککەوتننامەدا هەر جۆرە کارکردنێک کە مەترسیدار بێت و ببێتە ڕێگر لەبەردەم خوێندن و زیان بەباری تەندروستی و گەشەی بگەیەنێت لەڕووی جەستەیی و ژیری و روحی و کۆمەڵایەتیەوە بە ئیستغلالکردنی ئابوری ناوی بردووە. (نەتەوەیەکگرتووەکان، 2016، ل91)

بەپێی ئەو پێناسەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ مەبەست لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ بریتییە لە کۆکردنەوەی کەسەکان و گواستنەوە و حەواندنەوەو پێشوازیلێکردنی لەڕێگەی هەڕەشەلێکردنی هێزەوە یان بەکارهێنانی شێوەیەک لەشێوەکانی ناچارکردن، فراندن، فێڵلێکردن، بەکارهێنانی دەسەڵات یان بەخشین یان وەرگرتنی مەبلەغێکی مادی یان سودمەندبوون بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

کەسێک کە خاوەن دەسەڵاتە یان خراپ بەکارهێنانی بارودۆخی لاوازی کەسانی تر یان پێدان و وەرگرتنی پارە یان سودێک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کەسێک کە توانای کۆنترۆڵکردنی کەسانی تری هەیە بەمەبەستی ئیسغلال کردنیان، ئیستغلال کردنیش وەک فرۆشتن یان بەکارهێنانیان لەکاری لەشفرۆشیدا، بەکارهێنانی سێکسی، کارپێکردنی زۆرەملێ و قورس، بەکۆیلەکردن یان هاوشێوەکانی، یان لێکردنەوەی ئەندامەکانی جەستەی بەمەبەستی بازرگانی کردن.

لە یاسای کاری عێراقی هەموارکراو ژمارە (٣٧)لە ساڵی ٢٠١٥ دا بەندی (١) خاڵی (٢٠)دا دەڵێت نەوجەوان(الحدث) هەر کەسێکە تەمەنی لە سەرو ١٥ساڵی و نەگەیشتبێتە تەمەنی ١٨ ساڵی، لە خاڵی(٢١)دا پێناسەی منداڵی بەم شێوەیە کردووە"منداڵ هەر کەسێکە تەمەنی نەگەیشتبێتە ١٥ ساڵی". هەروەها لە مادەی (٦٧) هەمان یاسادا هاتووە"نابێت کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا زیاتر بێت لە ٧ کاتژمێر" بۆ کەسێکی تەمەنی نەگەیشتبێتە ١٦ ساڵ. ، لەمادەی (٩٥) یاساکەدا جۆری ئەو کارانەش دەستنیشانکراوە کە نابێت هەرزەکاریش بیانکات نەک منداڵ وەک کارکردن لە ژێر زەوی و ئاودا، کاری قورس کە کاریگەری بۆ تەندروستی نەجەوانەکە هەبێت یان کارکردن لە ژینگەیەکی ناتەندروستدا، کارکردن لە شەودا یان کارکردن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. (قانون العمل العراقی، ٢٠١٥)، لەکاتێکدا بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ناوەندی ژمێرەیی ئەو منداڵانەی بەکاردەهێنرێن بۆ کار یان دەرۆزە کردن لەگەڵ ئەوەی یاسا ڕێگەی نەداوە کار بکەن کاتژمێرەکانی کارکردنیان زیاترە لە ٩ کاتژمێر.

هەروەها یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە عێراقدا سودی پێناسەی نەتەوەیەکگرتووەکانی وەرگرتووە بۆ پێناسەکردنی چەمکی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، هەروەها دەرەۆزەپێکردن (سواڵپێکردن) وەک جۆرێکە لە بازرگانیکردن بەمرۆڤ دەستنیشان کردووە. لە یاساکەدا هاتووە: "مەبەست لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەم یاسایەدا بریتییە لە کۆکردنەوە کەسەکان و گواستنەوە و حەواندنەوەو پێشوازیلێکردنی لەڕێگەی هەڕەشەلێکردنی هێزەوە یان بەکارهێنانی شێوەیەک لەشێوەکانی ناچارکردن، فراندن، فێڵلێکردن، بەکارهێنانی دەسەڵات یان بەخشین یان وەرگرتنی مەبلەغێکی مادی یان سودمەندبوون بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کەسێک کە خاوەن دەسەڵاتە یان خراپ بەکارهێنانی بارودۆخی لاوازی کەسانی تر بە مەبەستی فرۆشتن یان بەکارهێنانیان لەکاری لەشفرۆشیدا، بەکارهێنانی سێکسی، کارپێکردنی زۆرەملێ و قورس، بەکۆیلەکردن، سواڵکردن، یان بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستەیەوە یان بەمەبەستی ئەزمونکردنی پزیشکی". (قانون مكافحە الاتجار بالبشر، 2012).

لەچوارچێوەی چەمکی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەکرێت بڵێین بەکارهێنانی منداڵی خوار تەمەن 15ساڵ لە لایەن دایک و باوکەوە بۆ کار و دەرۆزەپێکردن دەچێتە چوارچێوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، چونکە بەکارهێنانی منداڵە بەشێوەیەکی نایاسایی بۆ کارکردن، هەروەها بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤ لە عێراقدا سواڵکردن جۆرێکە لە جۆرەکانی بازرگانیکرن بە مرۆڤ، جگەلەوەی ئەم شێوازە لە بەکارهێنان و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

ئیستغلالكردنی منداڵ پێچەوانەی ڕێككەوتننامەی مافەكانی منداڵ و ڕێككەوتننامەی كاری نێودەوڵەتی و یاسای كاری عێراقییە كە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە نابێت منداڵ لەخوار تەمەنی 15 ساڵییەوە كار بكات.

## باسی دووەم: شێوەكانی بازرگانیكردن بە منداڵ

شێوازی بازرگانیكردن بە منداڵ جیا جیا و فرە چەشنە لەوانە:

### ١. بەزۆر كارپێكردن (Forced Labour):

یەكێك لەبابەتە سەرەكییەكانی بازرگانیكردن بە منداڵ بریتییە لە بەزۆر كارپێكردنی منداڵ لە ناو بازاڕو شوێنە گشتیەكان و لەناو ماڵان بەكرێیەكی هەرزان یان وەك سەرچاوە بۆ بژێوی خێزان تەماشا دەكرێت. بەزۆركارپێكردنی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ كارپێكردنی منداڵ لە خوارتەمەنی یاسایی كاركردن. بەپێی ڕێككەوتننامەی دیاریكردنی كەمترین تەمەن بۆ كاركردن (Convention No. 138, Articles 2 and 7) هەروەها بەپێی یاسای كاری عێراقی (قانون العمل رقم. 37، مادە 7) كاركردن بە منداڵ لە خوار تەمەنی 15ساڵییەوە جۆرێكە لە جۆرەكانی ئیستغلال كردنی منداڵ، ئیستغلالكردنیش ڕەگەزێكی گرنگی بازرگانیكردنە بە منداڵ.

### ٢. دەرۆزەپێكردن(سواڵكردن): (Begging)

سواڵكردن بریتییە لە داواكردنی پارە بەشێوەی خێر لە سەر شەقامەكان. بەپێی لێكۆڵینەوەیەكی ڕێكخراوی یونسێف ١٣% قوربانیانی بازرگانیكردن لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بازرگانیان پێوەكراوە بۆ مەبەستی بە زۆر سواڵپێكردن. (https://en.wikipedia.org).

دیاردەی سواڵكردن زیاتر لەو كۆمەڵگایانەدا بڵاوە كە سروشتێكی ئایینی و نەریتییان هەیەو لەژێر چەتری لایەنی سۆزداری و بەزەییپێداهاتنەوەدا درێژە بە دیاردەكە دەدەن، زۆربەی زۆری نموونەی ئەم توێژینەوەیە كە لەناو بازاڕو شوێنە گشتیەكاندا بنێشت، ئاو، عەلاگە فرۆشی ..هتد دەكەن لە پاڵ ئەم كارەیاندا بەپێی ئەو چاوپێكەوتنانەی لەگەڵیاندا ئەنجام دراوە سواڵیش دەكەن، بەمانایەكی تر ئەو كارەی دەیكەن بۆ شاردنەوەی كاری سواڵكردنەكەیانە.

### ٣. بەكارهێنانی منداڵ بۆ مەبەستی سێكسی (Sextual Explotation)

بەكارهێنانی منداڵ دەگرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی بابەتە سێكسیەكان (پۆرنۆگرافی) وەك بەكارهێنانیان لە یانەكانی تایبەت خۆرووتكردنەوە (Greenbaum,2017,p2) هەوەها بەكارهێنانی منداڵ دەگرێتەوە بۆ بابەتە سێكسیەكان لەناو كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و وێنەی جوڵاو و یان بەكارهێنانیان بۆ كاری لەشفرۆشی و وروژاندن و فرۆشتنیان بۆ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

کاری سێکسی و هاندانیان بۆ لادانیان لە ئادابی کۆمەڵایەتی لەپێناو بەدەستهێنانی قازانجێکی مادی بۆ ئەو کەسانەی بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن.

### ٤. بەکارهێنانی منداڵ لە ململانێ چەکداریەکان

ئەم شێوازە لە بازرگانیکردن بە منداڵ بەکارهێنانی منداڵ دەگرێتەوە بۆ ململانێ چەکدارییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ لەناو جەنگ یان بەشێوەی ناڕاستەخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی منداڵ بۆ گواستنەوەی کەل و پەلی سەربازی یان خواردن دروستکردن، بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی سێکسی لەناو سەربازگەکان یان سیخورکردن.

ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان لەسەر بارودۆخی منداڵ لە عێراقدا ئاماژە بە بەسەربازگرتنی منداڵ و بەکارهێنانیان دەکەن لە لایەن گروپە چەکدارەکانەوە لەناویشیاندا گروپی قاعیدە لە عێراق بۆ کردەوە دوژمنکارەکان هەروەها لەلایەن گروپی داعش منداڵ بەکاردەهێنرێت بۆ چاودێریکردن و گواستنەوەی کەل و پەلی سەربازی و لەکاتی وێنەگرتنە ڤیدیۆییەکانی هێرشەکانیان بەمەبەستی پرۆپاگەندەکردن، وە چاندنی مین و هێرشەکانیان بۆ سەر هێزە مەدەنیەکان و هاوڵاتیان. (یونامی، 2010، 27).

### ٥. بازرگانیکردن بەئەندامەکانی جەستە

لەم شێوە بازرگانیکردنەدا ئەندامێک لە ئەندامەکانی جەستەی منداڵ لە ڕێگەی نەشتەرگەری و لە بەرامبەر بڕێک پارە یان لە ڕێگەی فێڵلێکردنەوە پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت، یاخود منداڵان دەفرۆشرێن وەک پارچەی یەدەگ چەندین باندی جۆراوجۆر ئەم کارانە ئەنجام دەدەن، بارودۆخی تەندروستی منداڵ هیچ بەلایانەوە گرنگ نییە ئەوەی ئامانجی ئەوانە ئەو ئەندامەی دەیانەوێت بگەیەننە شوێنی دیاریکراوی خۆی لەبەرامبەر بڕیک پارەدا.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بە بوونی ئەم بازرگانە نایاساییە دەکەن لە سەر ئاسی جیهان بە تایبەت هیندستان، کۆسۆڤۆ، ئیسرائیل، باشوری ئەفریقا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەم بازرگانییە تۆڕێک لە بازرگانان لەخۆدەگرێت وەک: پزیشکی نەشتەرگەری، دەڵاڵ، نەخۆش و کڕیاران. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەر قوربانیەکە نەچووە ژێرباری نەشتەرگەریەکەوە ئەوا هێز و توندوتیژی لەبەرمبەر بەکاردەهێنن. (P. Subiksha and M. Kannappan, 2018, p1402)

### ٦. هاوسەرگیری منداڵ (Early Marriage)

کچان قوربانی یەکەمی ئەم جۆرەن لە بازرگانیکردن بە منداڵ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک وەک هاوسەرگیرکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی وڵاتانی تر بەمەبەستی بەدەستهێنانی مۆڵەتی مانەوە لەو وڵاتە یان بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی سێکسی لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە. هاوسەرگیری پێشوەخت کاریگەری زۆری هەیە لە بازرگانیکردن بە کچان و ڕوبەڕوبونەوەی مەترسیەکانی ئەم دیاردەیە. (Cancedda & others, 2015,p26)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

### ٧. لەخۆگرتن (Adoption)

لەخۆگرتن دوو دیوی هەیە: یەکەم، لەخۆگرتن لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی باش بۆ منداڵ لە ژێر سایەی خێزانێکی ئارام و سەقامگیردا لەچوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکانی وڵاتدا. دووەم لەخۆگرتنی نایاسایی یان لە ڕێگەی دەڵاڵ و بەبێ تەواوکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان بەڕیوەدەچێت، کە ناسنامە و ڕەچەڵەکی منداڵەکە دەسەلمێنن، لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی منداڵەکە دەکەن بزانن گونجاوە یان نا، زۆریک لەو کارانە بەناوی لەخۆگرتنی منداڵەوە ڕوودەدەن، بەڵام بناغەی بابەتەکە بریتییە لە زیادکردنی ژمارەی منداڵ بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە کاری جۆراوجۆر، کە پارە بۆ کەسی بەخێوکەر دەسەبەر دەکات، دیوێکی تری لەخۆگرتن بریتییە لە فێڵکردن لە کەس و کاری منداڵەکە، بەتایبەت ئەوانەی هەژارن و بەدەست نەبونیەوە دەناڵێنن، بەڵێنی ئەوەیان پێدەدەن کە منداڵەکەیان ژیانێکی باشتر بەسەر دەبات لە سایەی خێزانە تازەکەیدا کە لەخۆی دەگرێت، بەڵام لەڕاستیدا منداڵەکان لە کەس و کارەکەیان دەکڕرێن پاشان بەو باندانە دەفرۆشرێن، کە لە هەر جۆرە کارێکدا بەکاریان دەهێنن تا پارەیان بۆ پەیدا بکات. (قارونی و ئەلمەرزوق، ٢٠١٨، ٢٦-٢٧).

## باسی سێیەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی منداڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن

چەندین هۆکاری هاوپەیوەند سەرچاوەی بازرگانیکردنن بە مرۆڤ بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی، بەشێک لە هۆکارەکان پەیوەندییان بە بارودۆخی ناوخۆی وڵاتان هەیە کۆچکردنی دانیشتوان بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتردا لەناوخۆی وڵاتدا وەک: هەژاری، ستەم، سنورداری مافەکانی مرۆڤ، سنورداری هەل و دەرفەتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ململانێ چەکداریەکان(خلیل،٢٠١٦)، کارەساتە سروشتیەکان کە لەوانیە ببنە هۆی زیادبوونی ئاوارەبوون و تێکچوونی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش سەرچاوەیەکی پێشێلکارییە بەرانبەر بە مافەکانی منداڵ و مافی مرۆڤ بەگشتی. هۆکارەکارەکانی بازرگانیکردن بە منداڵ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازن، بەڵام هەندێ بنەماو شێوازی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان لە بواری بازرگانیکردن بە منداڵ، هەژاری وەک یەکێک لە هۆکارە بنچینەییەکانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی دەستنیشان دەکەن، هەژاری و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری خراپی خێزان پاڵ بە دایک و باوک و خزمە نزیکەکانی منداڵەوە دەنێت کە بازرگانی بە منداڵەکانیانەوە بکەن.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لە وڵاتی غانا (Yadoglah, 2018, p46) هەژرای بە سەرەکیترین هۆکار دەستنیشانکراوە بۆ بازرگانیکردن بەمنداڵ.

ئەو خێزانانەی گیرۆدەی کێشە ئابوریەکان و بێکاری و توندوتیژی ناو خێزان بوون ئەگەری زیاتر هەیە ڕوبەڕوی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ببنەوە. قەبارەی خێزانیش وەک نیشاندەرێک لێکدەدرێتەوە بۆ بازرگانیکردن بە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

منداڵ بەپێی بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان (Tamaş&others,2013,37) ئەو منداڵانەی بازرگانیان پێوە دەکرێت بۆ دەرۆزەپێکردن لە خێزانێکی قەبارە گەورەدان لە ڕووی ژمارەی ئەندامانی خێزانەوە.

یەکێکیتر لە هۆکارەکان پەیوەندی بە هۆکاری کەلتوریەوە هەیە، دیارە ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان ژینگەیەکی لەبارن بۆ گەشەکردنی دیاردەی بازرگانیکردن بەمنداڵ. ئەو باوەڕە کەلتوریەی پێیی وایە منداڵان یارمەتی دایک و باوکیان یان بەخێوکارەکانیان دەدەن لەدوای قوتابخانە یان لە کاتی پشوەکان و کۆتایی هەفتەدا، زۆر شیاوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە گەورەییدا یەکێکە لە نەریتەکان کە هانی خێزانەکان دەدات کە منداڵەکانیان بخەنە بەر کاری قورس.

هەروەها جیاوازیە ڕەگەزیەکان لە نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) دا کە دەرئەنجامی داب و نەریتی کۆمەڵایەتییە وەک هاوسەرگیری پێشوەخت و بەزۆر کە جۆرێکە لە کۆیلایەتی بۆ ئافرەت کە باوک یان میراتگری باوک مافی مامەڵەکردنی بە ژیانی کچەکەوە هەیە لە بەرامبەر بڕێک پارە وە پێویستیشە لەسەر ئافرەت تەنها ڕەزامەندبێت و سوپاسگوزاریان بێت بەبێ هیچ نارەزایی دەربڕینێک ئافرەت لە ژیانە نوێیەکەیدا بە ڕووکەش ژنی ماڵەو لە ناوەرۆکیشدا کەسێکی لاوازە و ڕووبەڕووی لێدان و دەستدرێژی دەبێتەوە(شاعر،٢٠١٢، ١٤) کە دەتوانین بڵێین قوربانیەکە لە قوربانیەکانی بارگانیکردن بە مرۆڤ.

نەبوونی یاسای تایبەت بە بەرەنگاربونەوەی دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ یان لاوازی لە جێبەجێ کردنی یاساکانی تایبەت بە ڕیگری کردن لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ وەک یەکێکی تر لە هۆکارەکان دەستنیشان دەکرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەکە، لەبەرئەوەی ڕێکاری یاسایی توند لەگەڵ خێزان یان ئەو کاسانە ناگیریتەبەر کە بازرگانی بە منداڵەکانیانەوە دەکەن.

## باسی چوارەم: کاریگەرییەکانی بازرگانیکردن لەسەر منداڵ

بازرگانیکردن بە منداڵ کاریگەری دەکاتە سەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی منداڵ، لە هەر کردەیەکی بازرگانیکردندا کەسەکە دەشێت ڕووبەڕووی جۆرێک لە جۆرەکانی توندتیژی جەستەیی، دەرونی یان سێکسی ببێتەوە، یان ڕوبەڕوی ئەشکەنجەو بەکارهێنانی ئابوریانە یان کاری قورس و مەترسیدار ببێتەوە ( United Nation,2008,p54). ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بواری کاریگەرییە دەروونیەکانی بازرگانیکردن بە منداڵ ئەنجامدراون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو منداڵانەی ئەزموونی بازرگانیپێوەکردنیان کردووە کاریگەری لەسەر لایەنی سۆزداری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

(Emotional) و تەندروستی عەقڵیان هەیە (Vijayasree & Radhika, 2016, p1). هەستکردن بە ترس و دڵەڕاوکێ و زەبری دەروونی و خەمۆکی و لەدەستدانی هەستی وابەستەبوون بۆ خێزان ...هتد. لە کێشەو نەخۆشیە دەروونیانەن کە ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی ئەو منداڵانە بێتەوە کە بازرگانیان پێوە دەکرێت.

دەتوانین وازهێنان لە خوێندن بە یەکێکیتر لە هۆکار و ئاکامەکان یان کاریگەرییەکانی لاوازی منداڵ بۆ چەوساندنەوە لە ناویشیاندا بازرگانیکردن بە منداڵ دابنێین ئەو منداڵانەی بازرگانیان پێوەکراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نەیانخوێندووە یان نەیانتوانیوە خوێندن تەواو بکەن (unicef,2009,p52). بەهۆی بەکارهێنانیان لە کاری قورس و سواڵکردن یان بەکاهێنانیان لە بواری پۆرنۆگرافی یان هەر شێوازێکی تری بازرگانیکردندا بێت.

توندوتیژیە جەستەیی و دەروونی و دەستدێژییە سێکسیەکان و کڕین و فرۆشتن بەم منداڵانە شکۆی کەسایەتییان ناهێڵێ و باوەڕبەخۆبونیان کەم دەکاتەوە، بۆیە دەتوانرێت لە زۆر کاری نامرۆڤانەدا بەکاربهێنرێن.

لەرووی کاریگەرییە جەستەیی و تەندروستیەکانەوە ئەو کەسانەی بازرگانیانپێوەکراوە، ڕووبەڕووی زیانی جەستەیی دەبنەوە، بەتایبەت ئەوانەی دەستدرێژی سێکسییان دەکرێتەسەر یان ناچاردەکرێن بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کە هۆکاریکە بۆ توشبنیان بە ڤایرەسی ئایدز و کەمبونەوەی بەرگری لەش. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بازرگانی کردن بە مرۆڤ هۆکارێکە بۆ دروستبوونی کەسانێک کە کێشەی بەڵگەنامەی شارستانی و ناسنامەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتییان هەبێت سەرچاوەیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان و کاریگەری هەیە لەسەر سەروەری دەوڵەت و بونیادی کۆمەڵایەتی. (الحريري، ٢٠١٩). بازرگانیکردن بە مرۆڤ کاریگەری ئابوریشی هەیە لەسەر تاک و پرۆسەی بەرهەمهێنان و بڵاوبونەوەی گروپ و باندی بازرگانی نایاسایی و نهینی و شاراوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

# باسی پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو

## یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

١. توێژینەوەی (Cristina Ileana Vădăstreanu & Veronica Gheorghiţă) بەناونیشانی نیشانەکانی بازرگانیکردن بە منداڵ و بەکارهێنانیان لە ڕێگەی دەرۆزەپێکردنەوە لە ڕۆمانیا ( Signalling Child Trafficking and Exploitation by Begging in Romania: on Public Traits, Victims Traffic and Societal Reaction)، ٢٠١٥، ئەم توێژینەوەیە دیاردەی سواڵپێکردن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات کە کاریگەری ڕەفتاری و دەرونی و جەستەیی بۆ قوربانیەکان هەیە.

توێژینەوەکە ئاماژەی بۆ تایبەتمەندیەکانی نمونەی توێژینەوەکە کردووە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو منداڵانەی دەرۆزەیان پێدەکرێت لە خێزانی فراواندا دەژین و ژمارەی ئەندامانی لە نێوان (٣ – ١٦) کەسدایە، زیاتر لەگەڵ یەکێک لە باوانیاندا دەژین، هەروەها شەڕەنگێزی و پەیوەندیەکی ناجێگیر لەناو خێزانەکانیاندا هەیە، و منداڵەکان بێبەشن لە سۆزی باوان و پشتگوێخراون لە لایەن باوانیانەوە، و توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت. لە ڕووی پاشخانی کۆمەڵایەتییانەوە زۆربەیان سەر بە خێزانی قەرەجەکانن.

بۆ شیکردنەوەی دیاردەی بەکارهێنانی منداڵ بۆ دەرۆزەکردن لە ڕۆمانیا توێژینەوەکە پشتی بەچەند داتایەکی ئاژانسی نەتەوەیی دژی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بەستووە، هەژاری وەک یەکێک لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی منداڵ بۆ دەرۆزەکردن دەستنیشانکردووە. ٨٥،٤٪ بەشداربوانی لێکۆڵینەوەکە بارودۆخی ناجێگیری ئابوری وەک هۆکاری دەرۆزەکردن دادەنێن. زیاتر لەنیوەی وەڵامدەرەوەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن ئەو پارەیەی پەیدای دەکەن باوانیان لێی سودمەند دەبن.

٢. توێژینەوەی (Joseph Agbeko Yadoglah) بەناونیشانی ( Factors Influencing Child Trafficking: An analysis of cases reported in Ghana) ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەکە، جەخت دەکاتە سەر هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر بازرگانیکردن بە منداڵ لە وڵاتی غانا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بازرگانیکردن بە منداڵ بە شێوەیەکی فراوان لەم وڵاتەدا بڵاوبۆتەوە بەشێوەیەک کە منداڵانی تەمەن ٥ساڵیش بەکاردەهێنرێن بۆ مەبەستی سێکسی و کارکردن.

توێژینەوەکە زانیاری و داتاکانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە ڕاپۆرتی دامەزراوە تایبەتمەندەکان و توێژینەوەکان دەربارەی بازرگانیکردن بە منداڵ لە غانا وەرگرتووە لە نێوان ساڵی ٢٠١٣ – ٢٠١٧، میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتاکان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە خێزان بەتایبەت دایک و باوک و خزم و کەسوکار ڕۆڵی بنچینەییان هەیە لە بازرگانیکردن بە منداڵەکانیانەوە، هەروەها هەژاری هۆکاری سەرەکییە لە لە بازرگانیکردن بە منداڵ. یەکێکیتر لە هۆکارەکان بریتییە لە کەلتور و پێوەرەکانی کۆمەڵگا بۆ هاوسەرگیری بەزۆر و چاودێری منداڵ. لاوازی لە دەرکردنی یاسایەک بۆ ڕێگری کردن لە دیاردەکە و پابەندبوونێکی سیاسی بە یاساکانەوە کێشەکەی قورستر کردووە. توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە خێزان بەتایبەت دایک و باوک و خزم و کەسوکار ڕۆڵی بنچینەییان هەیە لە بازرگانیکردن بە منداڵەکانیانەوە،

٣. توێژینەوەی (Pjano, Ahmed) بەناونیشانی ( PREVENTION OF CHILD EXPLOITATION IN SOUTH EAST EUROPE REGIONAL REPORT ON CHILD BEGGING) کە ڕاپۆرتی منداڵپارێزی جیهانی ( Save the Children)ە سەبارەت بە دەرۆزەکردنی منداڵ (٢٠١١)، لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بۆ چەندین داتا دەکات دەربارەی هۆکار و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی منداڵ بۆ سواڵکردن. بەپێی دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە وڵاتی سربیا و مۆنتینگرۆ هەژاری هۆکارێکی مەترسیداری سواڵکردنی منداڵە، بەڵام هۆکاری سەرەکی نییە. ٤٠٪ هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی هەژاری، ٢٤٪ بۆ بەجێنەهێنانی ئەرکی خێزان دەگەڕێتەوە وەک (ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، توندوتیژیی خێزانی...هتر)، هەروەها ٢٠٪ حاڵەتی سواڵکردنی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ سودی مادی (سواڵکردن وەک پیشە، بازرگانیکردن...هیتر)، و ٨٪ منداڵان ناچار دەکرێن بۆ سواڵکردن.

یەکێکیتر لە هۆکارە کاریگەرەکان لە پشت دیاردەی سواڵکردنی منداڵان بریتییە لە خێزان و ژینگەی خێزانی کە منداڵ لە دایک و باوک و خوشک و براوە فێردەبێت یان ناچار دەکرێت ئەو کارە ئەنجام بدات. ٩٠٪ ئەو منداڵانەی لە صربیا قوربانی بەکارهێنان و دەرۆزە کردنن لەلایەن خێزانەکانیانەوە ناچاردەکرێن یان دەنێردرێن بۆ ئەو کارە.

سەبارەت بە کاریگەری و لێکەوتەکانی سواڵکردن بە منداڵ لێکۆڵینەوەکە ئەوەی خستۆتەڕوو کە دەرۆزەکردن کاریگەری لەسەر ژیان و تەندروستیان دەبێت، بەوپێیەی بەردەوام لەسەر شەقامەکانن ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، هەروەها جلوبەرگی گونجاو لەبەر ناکەن یان پێڵاویان لەپێدا نییە بۆیە ناتوانن خۆیان بپارێزن لەسەرمای زستان و گەرمای هاوین، بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس دەرکەوتووە کە بەشێک لەو منداڵانە جەستەیان لەلایەن کەسە گەورەکانەوە شێوێنراوە بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی خەڵک.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## دووەم: گفتوگۆی لێکۆڵینەوەکانی پێشوتر

توێژینەوەی (Cristina &Veronica) بەناونیشانی (نیشانەکانی بازرگانیکردن بە منداڵ و بەکارهێنانیان لە ڕێگەی دەرۆزەپێکردنەوە لە ڕۆمانیا). توێژینەوەکە لەڕووی ناونیشان نزیکە لەم توێژینەوەیە بەتایبەت لە بابەتی بازرگانیکردن بە منداڵ بۆ دەرۆزەکردن، بەڵام کۆکردنەوەی زانیارییەکانی لە سەرچاوەی فەرمیەوە بووە، لەکاتێکدا ئەم توێژینەوەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوربانیەکاندا چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە، لەڕووی نمونەی توێژینەوەکە . لەڕووی پێکهاتەی خێزانی قوربانیەکانەوە ئەنجامەکان تەواو لەیەکتر نزیکن کە لەخێزانی فراواندا دەژین. سەبارەت بە هۆکارەکانی بازرگانیکردن بە منداڵان ئەو توێژینەوەیە هەژاری وەک هۆکاری سەرەکی دەستنیشان کردووە، لە کاتێکدا لەم توێژینەوەیەدا ڕاستە هەژاری هۆکارێکی کاریگەرە، بەڵام خواستی خێزان و فشاری خێزانیش ڕۆڵی بنچینەییان هەیە لە بازرگانیکردن بە منداڵ، واتە هۆکارەکان تەنها ئابوری نین، بەڵکو کۆمەڵایەتی ئابوریین. توێژینەوەکەی (Cristina &Veronica) کاریگەری و لێکەوتەکانی بازرگانیکردن بە منداڵی لە ڕووی ڕەفتاری و دەرونی و جەستەییە بۆ قوربانیان دەستنیشان کردووە، بە هەمانشێوە ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی ورد دەستنیشانی جۆرەجیاوازەکانی توندوتیژی و بارودۆخی منداڵ لە کاتی کار و دەرۆزەکردندا ڕوونکردۆتەوە.

توێژینەوەی (Joseph Agbeko Yadoglah) بەناونیشانی ( Factors Influencing Child Trafficking: An analysis of cases reported in Ghana) لە ڕووی کۆمەڵگای توێژینەوەکەو شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان کە پشتی بە داتا و زانیارییەکان بەستووە لە دامودەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە ڕاسەوخۆ لەڕێگەی پرسیارنامەوە زانیارییەکان کۆکراوەتەوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی (Joseph) وڵاتی غانایە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی من منداڵی ئاوارە عەرەبەکانی ناوەندی شاری سلێمانی دەگرێتەوە. لەڕووی میتۆدی توێژینەوەکەوە جیاوازە ئەو میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی و شیکردنەوەی ناوەرۆکی بەکارهێناوە، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتیم بەکارهێناوە.

سەبارەت بە هۆکارکانی بازرگانیکردن بە منداڵ لە وڵاتی غانا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە خێزان بەتایبەت دایک و باوک و خزم و کەسوکار ڕۆڵی بنچینەییان هەیە لە بازرگانیکردن بە منداڵەکانیانەوە، هەروەها هەژاری هۆکاری سەرکییە لە بازرگانیکردن بە منداڵ، ئەمەش پاسادانی توێژینەوەکەی ئێمە دەکات لە بازگانیکردن بە منداڵەکانیان، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر هۆکاری هەژاری.

ئەنجامەکانی توێژینەوەی (Pjano, Ahmed) کە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١١ ڕێکخراوی منداڵپارێزی جیهانە دەربارەی پاراستنی منداڵ لە بەکارهێنانیان بۆ سواڵکردن لە هەرێمەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بە تایبەت (سربیا و مۆنتینگرۆ) نزیکە لەم توێژینەوەیە بە تایبەت لەڕووی هۆکارەکانی بازرگانیکردن بە منداڵ کە هەژاری وەک هۆکارێکی مەترسیدار داناوە، بەڵام وەک هۆکاری بنچینەیی دەستنیشانی نەکردووە بۆ بەکارهێنانی منداڵ بۆ دەرۆزەکردن، بەڵکو هۆکارە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکانیش هۆکارن بۆ دروست بوونی دیاردەکە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

توێژینەوەی (Pjano, Ahmed) و ئەم توێژینەوەیەش هەمان ئەنجامیان بەدەستهێناوە سەبارەت بە هۆکاری هەژاری کە ٤٠٪ هۆکارەکان دەگرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە فشارەکانی خێزان بۆ ناچارکردنی منداڵەکان ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دوو ئەوەندەی ئەو ئەنجامەیە کە توێژینەوەکەی (Pjano, Ahmed) پێی گەیشتوون کە ٨٪ هۆکارەکان پێکدەهێنێت.

## بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوەی مەیدانی

### باسی یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی، ئەم میتۆدە لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا زۆر بەکاردەهێنرێت، چونکە لەگەڵ پێوانی چەندایەتی و بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی دەگونجێت لێکۆڵەریش دەتوانێت گریمانەکانی بەشێوەیەکی چەندایەتی تاقیبکاتەوە هەروەها ئەم میتۆدە مەرجەکانی پەیوەندی هۆکارگەرایی لەخۆدەگرێت و بەشێوەیەکی ئامارییانە پشتگیری ئەو ڕاڤە تیۆریانە دەکات کە بۆ دیاردەی لێتوێژراو و پەیوەندییە هۆکارگەراییە دۆزراوەکان پێشکەش دەکرێت. (خەمەش، ٢٠١٢، ٣٧٧)

### باسی دووەم: ڕێکارە مەیدانییەکان

### یەکەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت لەو منداڵانەی لە ناوەندی شاری سلێمانی کار و دەرۆزە دەکەن و تەمەنیان لە خوار ١٥ساڵەوەن، خەڵکی شارەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراقن، بەپێی ڕووپێویەکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٦دا ٤٢٤ منداڵ لە ناوەندی شاری سلێمانی لە بازاڕ و شوێنە گشتیەکاندا کار یان دەرۆزە دەکەن(ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان،٢٠١٦، لا١١)، لەو ڕێژەیەش (٣٣٨) منداڵ خەڵکی باشورو ناوەڕاستی عێراقن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## دووەم: نمونەی توێژینەوەكە

نمونەی توێژینەوەكە پێكدێت لە ٥٠ منداڵی ئاوارەی عەرەب كە لە دوای هێرشەكانی داعش لە شاری سلێمانی لە ناو كەمپ یان دەرەی كەمپ نیشتەجێبوون. نمونەكە لە (٣٩منداڵی كوڕ و ١١ منداڵی كچ) پێكدێت زۆربەیان خەڵكی پارێزگای (صەلاحەدین)ن، تەمەنی نمونەی توێژینەوەكە لە نێوان ٦ساڵ بۆ ١٤ ساڵدایە. ٨٪ نمونەكە تەمەنیان لە نێوان ٦ – ٨ ساڵدایە، ٣٤٪ تەمەنیان لەنیوان ٩-١١ ساڵدایە، ٥٨٪ تەمەنیان لە نێوان ١٢ – ١٤ ساڵدایە. نمونەكە بەشێوەی هەڕەمەكی وەرگیراوە. وەک لە خشتەی (١) ڕوونكراوەتەوە.

| خشتەی (١) نمونەی توێژینەوەكە | | |
|---|---|---|
| ڕەگەز | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| نێر | ٣٩ | ٧٨ |
| مێ | ١١ | ٢٢ |
| كۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ |

## سێیەم: ئامرازی بەكارهاتوو بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكان

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی وەک یەكێک لە ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری بەكارهاتووە، بۆ ئامادەكردنی ئەم پێوەرە سود وەرگیراوە لە پێوەری (**نجاة محمد فرج، ٢٠٠٣**)، و ئەزموونی توێژەر لە بواری پارستنی منداڵ و سەرچاوەو ئەدەبیاتی پێشوو لەبواری منداڵی ئیشكەر. بنچینە زانستیەكانی ئاماری بەكارهێنراو بۆ ڕاستگۆیی و جێگیریی پێوەرەكە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- ڕاستگۆی ڕوكاری:

توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (٤) شارەزا و پسپۆڕ لە بواری كۆمەڵناسی[1] دابەشكرد، دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە لە ژمارەی برگەكانیش چەند گۆڕانكارییەكیان بەسەردا هات. ژمارەی بڕگەكان لە (٤٧) برگەوە زیاد كرا بۆ (٥٠) برگە، لەهەندێ برگەدا گۆڕانكاری لە ڕاناوی كەسی سێیەمی نادیار كرا بە كەسی دووەمی تاک وەک(منداڵەكە دەخوینێت؟ گۆڕدرا بۆ ئایا دەخوێنیت؟).

ب - جێگیری پێوەر:

[1] سەرجەم شارەزایان لە بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانی وەرگیراون هەموشیان نازناوی یاریدەدەری پرۆفیسۆریان هەیە(د.كەژاڵ حسێن محمد – پسپۆڕی كۆمەڵناسی گەشەپێدان، د.عالیە فرج – پسپۆڕی كۆمەڵناسی، د.نەجات محمد فرج – پسپۆری كۆمەڵناسی ڕێكخستن، د.واحدە حمە ویس – پسپۆری كۆمەڵناسی تاوان).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی جێگیرە یان نا لە میتۆدی ئالفای کرۆنباخ کەڵک وەرگیراوە و هەروەک لە خشتەی خوارەوە هاتووە ڕاپرسیەکە بۆ گشت ٥٠ پرسیارەکەمان جێگیری (٠,٦٥)ە، بۆیە دەکرێ بڵێین پرسیارنامەکە جێگیرە. وەک لە خشتەی (٢)دا ڕوونکراوەتەوە.

| خشتەی (٢) جێگیریی بڕگەکانی پێوەرەکە | |
|---|---|
| ژ.بڕگە | ئالفا کرۆنباخ |
| 50 | 0.65 |

## پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکانی توێژنەوەکە

بۆ شیکردنەوەی داتاکان پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بۆ لێکدانەوەی بڕگەو گۆڕاوەکانو زانینی هۆکارە کاریگەریەکانی بازرگانیکردن بەمنداڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن بەکارهاتووە.

## بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەو ڕاسپاردەکان

لەم بەشەدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە هۆکار و لێکەوتەکانی بازرگانیکردن بەمنداڵ دەخرێتەڕوو، هەروەها شیکردنەوەیان بۆ دەکریت و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان دەستنیشاندەکرێت بۆ کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی دیاردەکە بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## باسی یەکەم: خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### یەکەم: دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکانی نمونەی توێژینەوەکە

زۆربەی زۆری نمونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٨٨٪ خەڵکی پاریزگای (سەلاحەدین)ن کە دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراقەوە، بەپێی زانیاریەکانی نمونەی توێژینەوەکە زۆرێک لە خێزانەکان بەر لە ئاوارەبوون خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون، هەروەها ٦٪ نمونەکە خەڵکی پاریزگای (موسڵ)ن، ٤٪ خەڵکی پاریزگای (بەغداد)ن، ٢٪ خەڵکی پارێزگای ئەنبارن. وەک لە خشتەی (٣) ڕوونکراوەتەوە.

| خشتەی (٣) شوێنی لەدایکبوونی نمونەکە بەپێی پارێزگا | | | |
|---|---|---|---|
| ز | شوێنی لەدایکبونی نمونەکە بەپێی پارێزگا | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | بەغداد | ٢ | ٤ |
| ٢ | موصڵ | ٣ | ٦ |
| ٣ | صەلاحەدین | ٤٤ | ٨٨ |
| ٤ | ئەنبار | ١ | ٢ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | ١٠٠ |

٧٠٪ خێزانی منداڵەکان لە ناوەندی شاری سلێمانیدا دەژین و لە خانوی کرێدان، ٢٦٪ لە کەمپی تایبەت بە ئاوارەکاندا دەژین، ٤٪ خێزانی منداڵەکان لە قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانی دەژین. وەک لە خشتەی (٤) ڕوونکراوەتەوە.

| خشتەی (٤) شوێنی لەدایکبوونی نمونەکە بەپێی پارێزگا | | | |
|---|---|---|---|
| ز | شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستای نمونەکە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | ناوەندی شاری سلێمانی | ٣٥ | ٧٠ |
| ٢ | کەمپی ئاوارە لە عەربەت | ١٣ | ٢٦ |
| ٣ | قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانی | ٢ | ٤ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | ١٠٠ |

ئەو ئەنجامانە نیشانی دەدات خێزانەکان نایانەێت وابەستەی ژیانی ناو کەمپ ببن، ئەمەش تێچووی ژیانیانی قورستر کردووە بە تایبەت لە کرێی مانگانەی خانوەکانیان، ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ بەکارهێنانی منداڵەکان لەلایەن خێزانەکانەوە.

لەڕووی تایبەتمەندی خێزانیەوە، خێزانی فراوان و گەورەن، ناوەندی ژمێرەیی ئەندامانی خێزانیان ٩,٩٢ واتە بەنزیکەیی ڕێژەی ئەندامانی خێزانەکانیان ١٠ کەسن. ٩٠٪ نمونەی توێژینەوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن زیاتر لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

کەسێک لەناو خێزانەکەیاندا کار دەکەن لەو ڕێژەیەش ٧٠٪ زیاتر لە منداڵیکی خوار تەمەن ١٥ ساڵ بەکاردەهێنن بۆ کارکردن و دەرۆزەکردن، لە هەندێ لە خێزانەکاندا ٣- ٥ منداڵی خوار تەمەن ١٥ ساڵ بازرگانیان پێوەدەکرێت.

زۆربەی زۆری ئەو منداڵانەی بەکاردەهێنرێن بۆ کارو دەرۆزەپێکردن دایک و باوکیان نەخوێندەوارن یان تەنها خوێندنەوەو نوسین دەزانن واتە قۆناغی بنەڕەتیشیان تەواو نەکردوە. ٣٠٪ باوک و ٤٠٪ دایکی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە نەخوێندەوارن، ٣٨٪ باوک و ٤٢٪ دایک تەنها دەتوانن بخوێننەوە و بنوسن. وەک لە خشتەی (٥) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٥) ئاستی خوێندنی دایک و باوکی ئەو منداڵانەی بەکاردەهێنرێن بۆ کار و دەرۆزەپێکردن

| ز | برگە | ئاستی خوێندنی دایک | | ئاستی خوێندنی باوک | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | نەخوێندەوار | ٢٠ | ٤٠ | ١٥ | ٣٠ |
| ٢ | خوێندنەوەو نوسین | ٢١ | ٤٢ | ١٩ | ٣٨ |
| ٣ | سەرەتایی | ٤ | ٨ | ٥ | ١٠ |
| ٤ | ناوەندی | ٣ | ٦ | ٤ | ٨ |
| ٥ | ئامادەیی | ١ | ٢ | ٦ | ١٢ |
| ٦ | دبلوم | ١ | ٢ | ٠ | ٠ |
| ٧ | بکالوریوس | ٠ | ٠ | ١ | ٢ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | ١٠٠ | ٥٠ | ١٠٠ |

٨٠٪ منداڵەکان لەگەڵ دایک و باوکیان دەژین و ١٨٪ تەنها لەگەڵ دایکیان دەژین و تەنها ٢٪ لەگەڵ باوکیان دەژین، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەسەلمێنێت کە منداڵەکان لە ژێر چاودێری دایک و باوکیان دەژین، یان لایەنی کەم لەگەڵ یەکێکیاندا دەژین. لەکاتێکدا ٧٨٪ دایکان و ٢٦٪ باوکان بە هەر هۆکارێک بێت کار ناکەن، هەروەها ٨٪ منداڵەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە دایکیان دەرۆزە دەکەن. ئەو ڕێژەیەی تر لە دایکان و باوکان دەمێنێتەوە کار دەکەن لەوانە (کاری دەستگێڕی، حەماڵی و، درومانی، مامۆستایی، فەرمانبەری، کرێکاری). لەو دەرئەنجامانەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێت کە پێکهاتەی خێزانی و ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو خێزانانە هۆکارێکن بۆ بەکارهێنانی منداڵەکانیان بۆ کارکردن و دەرۆزەپێکردن بەو پێیەی باکگراوندێکی کشتوکاڵییان هەیە ئەمەش هانی ئەندامانی خێزان دەدات کە هەموویان بەشداربن لە دابینکردنی پێداویستیەکانی خێزانەکەیان، لە تێڕوانینی کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا گەورەو بچوک پیویستە بەشداری بکەن لە دابینکردنی بژێوی ژیاندا، یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانیان گەورەیی قەبارەی خێزانە کە ئاراستەیان دەکات بۆ ئەوەی سوود لە توانای منداڵیش وەربگرن وەک هێزی کارکردن. نزمی ئاستی خوێندەواری دایک و باوکیش هۆکاریکی ترە کە کەمتر کار لەسەر مافی منداڵەکانیان بکەن بەتایبەت لەڕووی خوێندنیانەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## دووەم: زانینی هۆکارەکانی بەکارهێنانی منداڵی خوار تەمەن 15 ساڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن

بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە چەند هۆکاریک لە پشت بازرگانیکردن بەمنداڵەوەیە کە دیارترینیان بریتییە لە هەژاری و خواستی خێزان یان فشاری خێزان بۆ کارکردن. ٤٠٪ نمونەی توێژینەوەکە هۆکاری کارکردن و دەرۆزەکردنیان دەگێرنەوە بە هەژاری، بەلاّم هەژاری هۆکاری بنچینەیی نییە لە پاڵنەری سەرەکی بۆ بازرگانیکردن بە منداڵان. ٤٠٪ نمونەی توێژینەوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەسەر خواستی خێزانەکانیان کار یان دەرۆزە دەکەن، هەروەها ١٦٪ نمونەکەش بەهۆی فشاری خێزانەکانیانەوە کار یان دەرۆزە دەکەن. ئەگەر خواستی خێزان و فشاری خێزان پێکەوە کۆبکینەوە دەبینین هۆکاری سەرەکی بازرگانیکردن بە منداڵ لای ئاوارە عەرەبەکان هۆکاری کۆمەڵایەتی خێزانییە بەراورد بە هۆکاری ئابوری خێزان، لەکاتێکدا تەنها ٤٪ نمونەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان کار و دەرۆزە دەکەن. وەک لە خشتەی (٦) روونکراوەتەوە.

| خشتەی (٦) هۆکارەکانی بازرگانیکردن بە منداڵ | | | |
|---|---|---|---|
| ز | برگە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | بەهۆی هەژاریەوە کار دەکەم | ٢٠ | ٤٠ |
| ٢ | بۆ دابینکردنی پێویستیەکانم کار دەکەم | ٢ | ٤ |
| ٣ | خێزانەکەم فشارم لێدەکەن کار بکەم | ٨ | ١٦ |
| ٤ | خێزانەکەم حەزدەکەن کار بکەم | ٢٠ | ٤٠ |
| ٥ | حەزدەکەم فێری کارێک بم تاپشت بەخۆم ببەستم | ٠ | ٠ |
| ٦ | لاسایی هاوڕێکانم دەکەمەوە بۆیە کار دەکەم | ٠ | ٠ |
| ٧ | بەهۆی سەرنەکەوتنم لە خوێندنا کار دەکەم | ٠ | ٠ |
| ٨ | بەهۆی دەرهێنانم لە خوێندن کار دەکەم | ٠ | ٠ |
| ٩ | بەهۆی بێزاربوون لە ماڵ و کەمی هۆکارەکانی یاری و سەرقاڵکردن کار دەکەم | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | ١٠٠ |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

### سێیەم: زانینی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی منداڵی خوار تەمەن 15 ساڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن.

بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەری و لێکەوتەکانی کارکردن و دەرۆزەکردن لەسەر منداڵ لە چەند ڕوویەکەوە دەخرێتەڕوو:

#### ١. بارودۆخی منداڵ لەکاتی کارکردن و دەرۆزەکردندا

چەندین کێشەو گرفت ڕووبەڕووی ئەو منداڵانە دەبێتەوە کە بازرگانیان پێوە دەکرێت، ٣٨٪ منداڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بێزارو بێتاقەتن لە بارودۆخی کارکردنیان، ٣٢٪ نمونەکە لەکاتی کارکردندا کێشەی سەرمای زستان و گەرمای هاوینیان بۆ دروست دەبێت و بەهۆیەوە توشی نەخۆشی بون بەتایبەت پەتای وەرزی، ٢٠٪ منداڵەکان ڕووبەڕووی ترس و دڵەڕاوکێ بونەتەوە لە خێزانەکانیان لە کاتێکدا دەستکەوتیان کەم بوبێت، ٤٪ منداڵەکان دەستکەوتی کەم لە کارەکەیان بە ئاستەنگ دەزانن، ٦٪ منداڵەکانیش دەڵێن ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەک نەبونەتەوە. وەک لە خشتەی (٧) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٧) بارودۆخی منداڵ لەکاتی کارکردن و دەرۆزەکردندا

| ز | برگە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | سەرمای زستان و گەرمای هاوین | ١٦ | ٣٢ |
| ٢ | ترس و دڵەڕاوکێ لە تورەیی خێزانەکەت لەکاتێکدا دەستکەوتت کەم بوبێت | ١٠ | ٢٠ |
| ٣ | بێزاری و بێتاقەتی لە کارکردن | ١٩ | ٣٨ |
| ٤ | دەستکەوتی کەم لە کارەکەت | ٢ | ٤ |
| ٥ | ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئەوتۆ نەبونەتەوە | ٣ | ٦ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | ١٠٠ |

#### ٢. توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵی ئیشکەر و دەرۆزەکار

ئەم منداڵانە خۆیان قوربانی بازرگانیکردنن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی چەندین جۆر لە توندوتیژی دەبنەوە کە پێچەوانەی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و یاساکانی عێراقە. توندوتیژیەکانیش هەم لەناو خێزان هەم لە دەرەوەی خێزان لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا بەرامبەر بە منداڵەکان بەکاردەهێنرێت. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە ٣٦٪ نمونەی توێژینەوەکە لەناو خێزانەکانیان ڕووبەڕووی جۆرێک لەجۆرەکانی توندوتیژی دەروونی یان جەستەیی بونەتەوە. وەک لە خشتەی (٨) ڕوونکراوەتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

خشتەی (٨) توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵی ئیشکەر و دەرۆزەکار لەناو خێزاندا

| ز | برگە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | لێپێچینەوەو سەرزەنشتکردن و لێدان کاتێک دەستکەوتی کەم بێت | ١٨ | ٢٦ |
| ٢ | کێشەم بۆ دروست ناکەن ئەگەر داهاتیشم کەم بێت | ٣٢ | ٦٤ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | ١٠٠ |

لەناو بازاڕ و شوێنە گشتیەکانیش منداڵان لە کاتی کارکردن و دەرۆزەکردندا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن ڕێبوار و فرۆشیار و کڕیار و منداڵانی تری هاوپیشەی خۆیان. دەرئانجامی ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە ٦٢٪ ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵی کار و دەرۆزە دەکەن رووبەڕووی جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی یان سێکسی بونەتەوە. وەک لە خشتەی (٩) روونکراوەتەوە

خشتەی (٩) توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵی ئیشکەر و دەرۆزەکار لەناو بازاڕ و شوێنە گشتیەکان

| ز | برگە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | توندوتیژی جەستەیی | ٨ | ١٦ |
| ٢ | توندوتیژی دەروونی | ٥ | ١٠ |
| ٣ | توندوتیژی جەستەیی و دەروونی پێکەوە | ١٣ | ٢٦ |
| ٣ | توندوتیژی سێکسی و جەستەیی و دەروونی | ٥ | ١٠ |
| کۆی گشتی | | ٣١ | ٦٢ |

لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەویت ٥٢٪ ئەو منداڵانەی بازرگانیان پێوەدەکرێت بۆ کار و دەرۆزەپێکردن ڕووبەڕووی جۆرێک لەجۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بونەتەوە، لە لێدان و ئازاری جەستەیی و بەکارهێنانی وشەی نەشیاو و هەڕەشەلێکردن،١٠٪ ئەو منداڵانە ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی بونەتەوە لە لە بەکارهێنانی وشەی سێکسی بەرامبەریان یان دەستبۆبردن و هەراسانکردنی سێکسی لەگەڵ توندوتیژیە سێکسیەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و دەروونیش بونەتەوە.

## چوارەم: زانینی پەیوەندی نێوان بارودۆخی ئاوارەبوون لە بەکارهێنانی منداڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە زۆربەی زۆری نمونەکە بەڕێژەی ٨٨٪ پیش ئەوەی ئاوارەبن هیچ جۆرە کارێکیان نەکردووە، واتە دوای ئاوارەبوون دەستیان بەکارکردن یان دەرۆزەکردن کردووە، ئەمەش پاسادانی ئەو گریمانەیە دەکات کە بارودۆخی ئاوارەبوون کاریگەری هەیە وەک هۆکارێک بۆ بازرگانیکردن بە منداڵ و بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی مادی. وەک لە خشتەی (١٠)ڕوونکراوەتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

| خشتەی (١٠)زانینی بارودۆخی ئاوارەبوون لە بەکارهێنانی منداڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن | | | |
|---|---|---|---|
| ز | برگە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | بەڵێ | ٤٤ | ٨٨ |
| ٢ | نەخێر | ٦ | ١٢ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | ١٠٠ |

## پێنجەم: دەستنیشانكردنی ئاستی دابڕان لە خوێندن لەناو ئەو منداڵانەدا كە كار یان دەرۆزەیان پێدەكرێت.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە زۆربەی ئەو منداڵانەی بازرگانیان پێوەدەکرێت بۆ کار و دەرۆزەپێکردن بەرێژەی ٥٨٪ وازیان لەخوێندن هێناوە نەخراونەتە بەر خوێندن، تەنها ٤٢٪ لەگەڵ خوێندنیاندا کاریش دەکەن، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کارکردن ڕۆڵی هەیە لە دابڕانی منداڵ لە خوێندن، بەتایبەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دۆخی پێش ئاوارەبونیان زۆربەی ئەو منداڵانە بەردەوامبوون لە خوێندن. لە کۆی ٥٨٪ منداڵەکان کە دابڕاون لە خوێندن ٤٦٪ پێش ئەوەی ئاوارەبن خوێندویانە تەنها ١٢٪ نەیانخوێندووە کە بەشێکیان بەهۆی بچوکی تەمەنیانەوە بووە لەوکاتەدا. وەک لە خشتەی (١١) ڕوونکراوەتەوە.

| خشتەی (١١) بارودۆخی خوێندنی منداڵ لەکاتی ئاوارەبوون و پێش ئاوارەبوون | | | |
|---|---|---|---|
| ز | برگە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | دابڕانی منداڵ لە خوێندن دوای ئاوارەبوون | ٢٩ | ٥٨ |
| ٢ | بەردەوامبوونی منداڵ لە خوێندن دوای ئاوارەبوون | ٢١ | ٤٢ |
| ٣ | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ |
| بارودۆخی خوێندنی منداڵ لە پێش ئاوارەبوون | | | |
| ٤ | پێش ئاوارەبوون منداڵەکە چۆتە قوتابخانە | ٢٣ | ٤٦ |
| ٥ | ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئەوتۆ نەبونەتەوە | ٦ | ١٢ |
| کۆی گشتی | | ٢٩ | ٥٨ |

## شەشەم: زانینی كاتژمێرەكانی كاركردنی منداڵ و پەیوەندی بە بەكارهێنانیان بۆ بازرگانیكردن

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە ناوەندی کاتژمێرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە زیاترە لە ٩ کاتژمێر، ئەم ڕێژەیەش زیاترە لە کاتژمێری کارکردنیی کەسێکی ئاسایی کە بەپێی یاسای کاری نێودەوڵەتی و یاسای کاری عێراقی ماددەی (٦٧) بۆ کەسێکی ئاسایی سەرو ١٨ساڵ ٨ کاتژمێر کارکردن لە ڕۆژێکدا دەسیتنیشانکراوە(قانون العمل العراقي، 2015)، بە بۆچونی توێژەر ئەمە بەکارهێنانی منداڵە لە بارودۆخی قورسی کارکردندا و دەچێتە چوارچێوەی بازرگانیکردن بە منداڵان، ئەمە جگەلەوەی تەمەنی منداڵەکان لەڕووی یاساییەوە ڕێگەپێنەدراوە بۆ کارکردن، ئەمەش



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

کاریگەری دەکاتە سەر لایەنی گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری و جەستەیی منداڵ، جگەلەوەی بەشێک لە منداڵەکان لە شەودا کار و دەرۆزە دەکەن لە شوێنە گشتیەکان و پارکەکان و ترافیکەکان. وەک لە خشتەی (١٢) ڕوونکراوەتەوە.

| خشتەی (١٢) ناوەندی ژمێرەیی کاتژمێرەکانی کارکردنی منداڵ | | |
|---|---|---|
| N | Valid | 50 |
| | Missing | 0 |
| Mean | | 9.9200 |

## باسی دووەم: ڕاسپاردەکان

١. پێویستە حکومەتی عێراق و هەرێم لە ڕێگەی دەسەڵاتی پارێزگاکان کار بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی دیاردەی بەکارهێنانی منداڵ بۆ کار و دەرۆزەپێکردن بکات لەڕێگەی چاودێریکردنی زیاتری کامپەکان و کارکردن بۆ باشترکردنی ژیانی ئاوارەکان لە ڕووی بژێوی ژیان و خوێندن لەناو کامپەکان.

٢. جێبەجێکردنی یاساکان بەسەر ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان بەکاردەهێنن بۆ دەستکەوتی مادی بەپێی ڕێکارە یاساییە بەرکارەکان و توندکردنی سزاکان لەکاتی دووبارە بەکارهێنانەوەی منداڵەکانیان بۆ کار و دەرۆزەکردن.

٣. فەراهەمکردنی هەلی خوێندن بۆ ئەو منداڵانەی بەهۆی کارکردن یان هەر بارودۆخێکی ترەوە وازیان لەخوێندن هێناوە یان هەر نەیانخوێندووە.

٤. کارکردن بۆ گەڕاندەوەی خێزانە ئاوارەکان لە دەرەوەی کامپەکانەوە بۆ ناو کامپەکان.

٥. دروستکردنی هەماهەنگی زیاتر و کارکردن لە نێو ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەت ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە منداڵ بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی خێزان و منداڵان لە مەترسیەکانی کارکردن و دەرۆزەکردن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## باسی سێیەم: پێشنیارەکان

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی فراوانتر دەربارەی شێوە جیاوازەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

٢. ئەنجامی خولی هۆشیاری و پرۆگرامی پەوەردەیی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەو خێزانانەی منداڵەکانیان بەکاردەهێنن بۆ کار و دەرۆزەکردن.

٣. بەهێزکردنی پۆلیسی نەوجەوانان بە مەبەستی پاراستنی منداڵ لە بەکارهێنانیان بۆ کار و دەرۆزەپێکردن لە بازاڕ و ترفیک و شوێنە گشتیەکان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

# Child trafficking to labor and begging among Iraqi refugee

**Ayoob Kareem Saeed**

Department of Kindergarten , College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq

**E-mail:** ayoob.kareem@uor.edu.krd

## Abstract:

The research seeks to identify the factors child trafficking phenomenon and its consequences on the victims of child trafficking for work and begging which's done by the Arabian refugee parents and relatives' resident in camp and center of Sulaymaniyah governorate, According to human trafficking and labor law in Iraq. To collect the information a questioner has used which consist of 50 questions, and for analyzing information, Statistical Package for Social Science (SPSS) has used.

The sample consists of 50 children, also Social Serviay method has used. According to the results of the research, there are many contributing factors behind this phenomenon; the major Factors are poverty, family tendency and or family pressure to doing it. According to the other outcome of the research, 62 percent of the sample of research confronted with violence, 58% of the sample dropped out from school or some of them illiterate and/or has arithmetic studding the total hour of working is more than nine hours.

**Keywords:** Child, Child Labour, Begging, Child Trafficking.

## سەرچاوەکان

ڕێکخراوی منداڵپاریزی کوردستان (٢٠١٦)، ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٦، سلێمانی- کوردستانی عێراق.

خەمەش، د. مەجدەدین عومەر خەیری (٢٠١٢)، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد لەگەڵ جەختکردنە سەر کۆمەڵگای عەرەبی، وەرگێڕانی: د.عبدلله خورشید و ئەوانیتر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

قارونی، د.سرور و ئەلمرزوق، خالد بن محەمەد (2018)، بازرگانیکردن بەمنداڵ، وەرگێڕانی سابیر عبدوللا کەریم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

نەتەوەیەکگرتووەکان، پەیماننامە بنەڕەتیە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ، 2016.

**الحريري، محمد سرور (2019)، الاتجار بالبشر وسبل مكافحته .. قراءة في الاستراتيجيات والاتفاقيات الدولية، المركز العربي للبحوث والدراسات، السبت 28/سبتمبر/2019 ،** http://www.acrseg.org/41360

**خليل، د.صبري محمد (2016)، جريمة اتجار بالبشر:تعريفها، اسبابها، وصورها واليات مكافحتها،** https://drsabrikhalil.wordpress.com/2016/07/18

**سهام، يوشي (2016)، تاثير عمالة الاطفال علي التحصيل الدراسي للتلميذ، رسالة ماجستر، جامعة العربي التبسي – تبسة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الإجتماعية.**

**الشرفات، د.علي عودة (2013)، ظاهرة تسول و حوكمها اثارها و طرق علاجها في فقه الاسلامي، مجلة الاردنية في الدراسات الاسلامية، مجلد تاسع، عدد 3.**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

شاعر، محامية راميا محمد (2012)، الاتجار بالبشر قراءة قانونية اجتماعية، منشورات الحلبي الحقوقية، الطبعة الاولي، لبنان.

قانون العمل العراق، رقم. 37، مادة 7، وقائع العراقية، عدد 4386، 2015.

قانون مكافحة الاتجار بالبشر في العراق، رقم. 28، وقائع العراقية، عدد 4236، 2012.
/http://arb.parliament.iq/archive/2012/02/23

يونامي، بعثة الامم المتحدة لمساعة العراق، مكتب الحقوق الانسان، تقرير حقوق الانسان في العراق لعام 2010.

Basha, Dr. P Chand(2017), Child labour – An overview of its causes, consequences and necessary measures, International Journal of Humanities and Social Science Research, Volume 3; Issue 1; January 2017; Page No. 96-102, www.socialresearchjournals.com

Cancedda, Alessandra, De Micheli, Barbara, Dimitrova, Dafina, Slot, Brigitte (2015), Study on High Risk groups for Trafficking in Human beings, European Commission, Final Report.

Convention on the Rights of the Child (1990), United Nations.

Greenbaum (2017), V.Jordan, Child Sex trafficking in the United States: Challenges for the healthcare provider, POLS Medicine.

https://en.wikipedia.org/wiki/Trafficking_of_children#Types_of_child_trafficking

International Labour Law, Training Manual to Fight Child Trafficking in Children for Labour, Sexual and Other Forms of Exploitation – Textbook 1: Understanding Child Trafficking, First published 2009.

Nagar, Mrs. Niti & Roy Mrs. Bindu, A Critical Analysis Of Child Labour In India, *International Journal of Current Research in Multidisciplinary (IJCRM),* http://www.ijcrm.com/Edition_5.html

Pjano, Ahmed (2011), Prevention of Child Explotation in South East Europe (Regional Report on Child Begging), Save the Children.

Save the Children, 2011, Regional Report on Child Begging.

Tamaş (2013), Adelina, Moise Alinam Claudia Preduţ, Nadia Medvichi, trafficking in persons for begging - Romanya Study, Switzerland through the Swiss-Romanian Cooperation Programme to Reduce Economic and Social Disparities within the Enlarged European Union.

United Nations office of Drugs and Crime, United Nations Convention Against Transnational Organized Crime and the Protocols Thereto, New York, 2004.

United Nation (2008), an introduction to Human Trafficking: Vulnerability, Impact and Action, New York.

UNICEF (2009), Risks and Realities of child trafficking and Exploitation in central Asia.

Vijayasree, B & Radhika, Sivvala, Child Trafficking: Psychological Effect and the Need for Counselling, International Journal of Science and Research (IJSR), Volume 5 Issue 3, March 2016.

Veronica Gheorghiţă & Cristina Ileana Vădăstreanu (2015), Signalling Child Trafficking and Exploitation by Begging in Romania: on Public Traits, Victims Traffic and Societal Reaction, RSP • No. 46 • 2015: 274-286.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020**